# چەند نموونەیەکی زیندوو لەسەر قەڵەمو هەڵوێست فرۆشی

**هیشام ئاکرەیی**

دیارە گەلێ نووسەر لەکاری خۆیاندا گرەو لەسەر گێلیو نەزانی یان بێ ئاگایی بەرامبەرەکانیان دەکەنو پێیانوایە ئەوان زۆرزاننو خەڵکانی تر بەگەلو جەماوەرەوە، دوورتر لەپای خۆیان نابینن، هەربۆیەش دەبینن بە ئارەزووی خۆیان شت دەکەنو بابەت دەنووسنو سەنگەر دەگۆڕنو ئەوەی لەمەش خراپتر شاردنەوەی سەنگەر گۆڕینەوە بەردەوام بۆنیانیە لەدرۆکردن لەگەڵ جەماوەر.

بەر ئەوەی باسی چەند نموونەیەك لەم قەڵەمو هەڵوێست فرۆشانە بکەم، پێویستە بوترێت کە پەیوەندیەکی جەدەلی لەنێوان گۆڕانکاریەکاندا هەیە. ئەو پەیوەندیە زۆر ئاسایی دەبێت کاتێك پەیوەندی بە گۆڕانکاریە زاتیو بابەتیەکانەوە هەبێت. بە واتایەکی تر دەبێ گۆڕانکاریەك لەهاوکێشەکاندا دروست ببێت تاوەکوو مرۆڤ خۆی بگۆڕێتو لەگەڵ بارودۆخەکاندا هەڵسوکەوت بکات. لەحاڵەتێکی ئاواییدا مرۆڤێکی نووسەر یان رۆشنبیر دەبێتە بەشێك لەگۆڕانکاریەکانو هەوڵ دەدات هاوکێشەکان بەرەو ئەو لایە ببات کە پێی وایە تەواو راستە.

ئەوەی بەندە دەیەوێت لەم بابەتەدا باسیان بکات ئەو کەسانە نین کە لەبیرو باوەڕەوە هەڵوێست وەردەگرن، چونکە ئەو جۆرە کەسانە بە شێوەیەکی ئاشکراو چالاکانە بەشێکن لەهاوکێشەیەکی دیارکراو، هەربۆیەش رێزم هەیە بۆ هەر نووسەرێك بە ئاشکرایی پارتی یان یەکێتی یان ئیسلامی یان کۆمۆنیست بێت، بەڵکوو دەمەوێت باسی ئەو کەسانە بکەم کە خۆیان بە دژی ئەوانەی سەرەوە دادەنێنو لەهەمان کاتدا دۆستایەتییان دەکەنو لەسوفرەی ئەوان دەخۆنو باجیان لێ وەردەگرن.

ئەم جۆرە کەسانەو بەتایبەت نووسەران گرەو لەسەر گێلی جەماوەر دەکەنو پێیانوایە کەس ئاگای لەکارەکانیان نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێیان دەڵێم، خەیاڵتان خاوەو هەر وەك چۆن ئێوە کاغەزی سپی دەخوێننەوە، جەماوەری کوردستان ئاگای لەهەموو شتێکەو ناتوانن خۆفرۆشی خۆتان لەجەماوەر بشارنەوەو ئەگەر جەماوەر رێز بۆ ئەندامانی پارتەکانو نووسەرانیان بگرن، ئەوە کاری ئێوە لەخۆفرۆشییەوە نزیك دەبێتەوە. بۆ ئەوەی دڵنیابن کە ئێوە ناتوانن جەماوەر لەسەر ڕێ لاببەن، باشتر وایە مقمقۆی جەماوەر بە ئێوەی نووسەر رابگەیەنمو باسی ئەو نووسەرانە بکەین کە ئێستاکە یان لەکوردستانن یانیش وەك فرۆکەی هێڵی هەولێر - ستۆکهۆڵم هاتووچوو دەکەن.

بەخۆشحاڵییەوە نموونەکان ئەوەندە ئاشکران کە پێویست ناکات ناوی ئەو نووسەرانە یان سیاسەتمەدارانە بهێنم، چونکە خۆیان بە جەمسەری هەندێ بیروباوەڕیان دادەناو وەك ماستی سەر ساوار بوون لەتەلەفزیۆنەکانی کوردی بابەتەکانیان هاندەری خەڵك بوون دژ بە دەستەلاتدارانی کوردستان. ئەو گەلە هەژارەش نەی دەزانی ئەو هەموو زمان درێژیو قەڵەم تیژییە لەپێناو ئەوەبووە کە پۆستێکی باشتر پێیان بدرێت یان چاوی پارتیو یەکێتی لێیان بێت، ئەگەر نەڵێین بە گرانی بییان کڕن.

یەکێ لەو نووسەرانە ئەو کەسەبوو کە وابزانم یەکەم بابەتی دژ بە دەستووری عێراقی نووسیو بابەتەکەی بووە هۆی ئەوەی چەندین کەسانی تر دژی دەستوور بوەستنو پێش ئەوەش لەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دژی پارتیو یەکێتی بابەتی ئامادە دەکردو بەشێوەیەکی راستەخۆ یان ناراستەوخۆ خەڵکی هاندەدا دژ بەو هەردوو هێزە بوەستن... شوکر نە ئەوکاتە پەیوەندیم بەو نووسەرەوە هەبوو و نە ئێستاش پەیوەندیم پێوە هەیە. ئەم نووسەرە بەڕێزە بەر ئەوەی دەنگ لەسەر دەستوور بدرێت لە ١٥ی مانگی دەی ساڵی ٢٠٠٥ دا بەقودرەتی قادر چووە باشووری کوردستانو هەر ئەوەندەم بینی بە بەژنو باڵای دەستووری عێراقدا گۆرانی دەڵێت لەسەر کەناڵەکانی ئەو دیوی کەناڵەکەی پێشووی خۆی.

هەڵبەتە گۆڕانەکە لەوە نەوەستا بەڵکوو لەکوردستانیەکی شۆڕشگێڕەوە بۆ بە عێراقییەکی لیبراڵو ئێستاکەش بەرگری لەهەموو هەنگاوەکانی دەستەلاتدارانی باشووری کوردستان دەکات... ئەوە مانای ئەوە نییە کە بەندە دژ بەدەستەلاتی کوردستانە، بەڵکوو بەشێوەیەکی هێمنی ڕەخنەی ئەرێنی لەهەر دیاردەیەك دەگرم بە باشی بزانم قسەی لەسەر بکرێت. هەڵبەتە ئەگەر ئەم نووسەرە بێتو بەشێوەیەکی ئاشکرا باسی ئەو گۆڕانکاریەو هۆیەکانی بکات، لەوانەیە ئێستاکە نەبوایە بابەتی ئەم نووسینە.. هەروەها ئەگەر هۆی گۆڕانکاریی لەهەڵوێستەکەیدا بێ بەرامبەر بوایە، ئەوکاتەش ڕەخنەی لێ نەدەگیرا، بەڵام ئەم نووسەرە بەڕێزە لەپێناو چەند بەرژەوەندیەکی دیاریکراو کە خۆی باش دەزانێت چین، هەڵوێستی گۆڕیوەو گۆرانی بۆ باشووری کوردستان دەڵێتو ئەگەر (دکتور) بگەڕێتەوە بەریتانیا لەوانەیە ئەویش بگەڕێتەوە.



نووسەرێکی تری بەڕێز کە دەی وت من دژی دەستەلاتمو من ڕەخنەی ئیجابیو ئەرێنیانە ناگرم. هەروەها دەی وت دەبێ ئەو دەسەلاتانە بروخێنرێنو لەڕەگەوە بنبڕبکرێن... راستە ئەو بەڕێزە هەر لەمناڵییەوە ڕقی لەتاڵەبانی بوو، بەڵام ئۆجاخی بارزانی نەمریش لای کوێر بوو. گیڤارا لای ئەم نووسەرە کۆنەپەرست بوو، هەروەها ڕۆزا لوکسمبۆرگ لای ئەو بەڕێزە پیاوسالارو نەژاد پەرست بوو. کەچی ئێستاکە چووتە لای ئەو دەسەلاتەی کە دەی وت نابێ ڕەخنەشی لێ بگیرێت بەڵکوو دەبێت بنبڕبکرێتو لەڕەگەوە هەڵبکێنرێت.

بۆ ئەم بەڕێزەش دەڵێم، ئەگەر بێتو ڕەخنە لەڕابووردوو و بیروڕاکانی خۆی بگرێت (چونکە خۆی بە ڕەخنەگر لەقەڵەم دەدات) و بڵێت من جاران بەهەڵەدا چووبووم‌و نەمدەزانی دەسەلاتی باشووری کوردستان ئەوەندە باشەو سوێند بخوات کە کاری ئاوایی نەکاتەوە.. ئەوکاتە کارەکەی دەبێتە گۆڕانکاریەکی عەقڵانی... بەڵام ئەو بەڕێزە هەمان کەس بوو کە ڕەخنەی لەبارزانیو تاڵەبانی دەگرتو دەی وت ئەوان داوای لێبووردن لەگەلی کورد ناکەن.. دەی بەڕێزم داوای لێبووردن بکەو لەجیاتی ئەوەی ببیە دەمڕاستی نووسەرێکی تر کە لەزینداندایە، کەرەمکە باسی خۆت بکە.... باسی سەنگەر گۆڕینەکەت بکە، پێمان بڵێ ئەم گۆڕانکاریە بۆ روویدا!! ئایا ئێستا جەنابت بەهەڵەدا چوویت یان نووسینەکانی پێشووت لەپێناو خەڵاتو ئۆتێلی ٥ ئەستێرە بوون!!! ئەگەر بڵێی من جارانیش هەر وابووم، برۆ نووسینەکانت بخوێنەوەو باکەس بە شیزۆفرینیای فکری تاوانبارت نەکات.

نووسەرێکی تر خۆی بە نەتەوەپەرستو کوردستانییو بلیمەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دادەناو تاوەکوو ئێستاش بەهەمان شێوە قسەدەکات... چەندین بابەتی دژی دەستووری عێراقی نووسیو دژی بەشداربوون لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی عێراق بوو. کەچی بەر لەهەڵبژاردنەکان بە چەند رۆژێك، بۆ باشووری کوردستان فڕیو لەوێ کەوتە دەهۆڵو زوڕنا لێدان بۆ هەڵبژاردنەکان... من هیچ ناڵێم بۆ ئەم بەڕێزە چونکە لەوانەیە مەبەستی تەنیا سەردانی کوردستانو کەسوکاری بێت، بەڵام ئەویش لەپێناو بەرژەوەندی کەسایەتی سەنگەری گۆڕی....

هەڵبەتە سەنگەر گۆڕین لەئەنجامی دروست بوونی گۆڕانکاری لەبیروباوەڕدا، کارێکی ئاساییە، بەڵام تا رادەیەکی باش گومانی ئەوەی هەیە کە ئەم جۆرە کەسانە ئەم سەنگەرەشیان بگۆڕن لەپێناو بەرژەوەندیەکی تر.

بەر ئەوەی کۆتایی بە بابەتەکەم بێنم دەڵێم: دەسەلات لەهەموو وڵاتانی دونیا بەدوای توانای تایبەت دەگەڕێتو بۆ ئەوەی کارەکانی بەڕێوەبباتو ئەگەر ئێوە شانازی بەوەوە بکەن کە دەسەلاتی کوردستان کارتان پێ دەکات، ئەوە هەمان دەسەلات کار بە کۆنەبەعسیو فایلدارەکانیش دەکات. ئەو فایلدارانەی خۆتان بە ئێمەمانان ناساندنو ناوەکانیانتان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردەوەو ئێستاکە شان بەشانی ئەوان کاردەکەن. لەهەمان کاتدا دەڵێم لەوانەیە ئەو کارە بۆ دەسەلات کارێکی ئاسایی بێت، چونکە بەرەی کوردستانی هەموو بەعسییەکانی عەفوو کردبوو، بەڵام بۆ ئێوە ئاسایی نییە، چونکە ئێوە بوون وارتان نەدەهێناو دژی ئەو بەعسیو فایلدارانە بەڵگەتان بڵاودەکردەوەو ئێستاکە ئێوەش بونە هاوکاری ئەو بەعسیو فایلدارانە.

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە نەبێتە هۆی بابەت نووسینو وەڵامدانەوەی شەخسی ناوی هیچ نووسەرێکم نەهێناوە. لەهەمان کاتدا رێزم هەیە بۆ هەموو ئەو نووسەرانەی لەدڵسۆزی خۆیانەوە کار لەگەڵ دەسەلات دەکەن. خۆشبەختانە هیچ شتێکی کەسایەتیم لەگەڵ هیچ نووسەرێك نییە تاوەکوو ئەم بابەتە بە شێوەیەکی کەسایەتی وەربگیرێت، بەڵکوو داواکارییە بۆ گەڕانەوە بۆ عەقڵانییەتو مۆڕاڵیی لەبیرکردنەوەو هەڵوێستدا.

akreyii@gmail.com

# نووسەری تێکشکاو کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر کۆمەڵگە جێدەهێڵێ

**ئازاد مارف**

دەکرێ ماڵی نووسینو نووسەران بەسێ ژووری جیاوازی یەك باڵاخانەبچوێنن کە هەرسێکیان لەبنمیچی قەڵەمدا پۆلێن کراون. هەناسەی ژوورەکان لەیەکتر جیاوازنو لەپەنجەرەی جیاوازیشەوە لەژیانو کۆمەڵگەو دەوروبەر دەڕوانن. باشتر وایە بە قەڵەمی دەستەمۆ، قەڵەمی ترسنۆك، قەڵەمی یاخی (ئازا) بیانناسێنین.

قەڵەمی دەستەمۆ: تەواوی ئەو نووسەرانە دەگرێتەوە کە سەرلەپێ مل کەچی دەستەڵاتدارو فەرمانڕەوایاننو گرەو لەسەر درێژبوونەوەی تەمەنی ئەو دەستەلاتەی کە ئەوان ستایشیان دەکەنو لەسێبەریدا دەحەوێنەوە، دەکەن. بە موو لەسیاسەتی فەرمانڕەواو حزبە دەستەڵاتدارەکان لانادەنو لەجیاتی ئەوانەوە زوڕنا دەژەننو رۆڵی چەواشەکاری پەرەپێدەدەنو پێگەی خۆیانی پێ موکمو قایمتر دەکەن. لەم روانگەیەوە لەهەر جۆرە ستایشو پیاهەڵدانو گەورەکردنەوەیەکی فەرمانڕەواکان سڵ ناکەنەوەو بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە ئاشی دەستەلات بگێڕنو فەرهەنگێکی تایبەت بە حزبو سەرکردەو دەستەڵات دابهێنن. ئەو قەڵەمانە مەسەلەی سەرکردەی بێهاوتاو بلیمەت، سیاسەتی راستو دروست، شارەزابوون لەکاری دیبلۆماسی دەکەن ئەلگۆی چەواشەکاریەکانو دەیانەوێ تێکڕای جەماوەر بە چەواشەکاری فرچك بدەنو گیانی بەرگریو بەرخۆدانیان لێبکوژن. لەپەنای پیرۆزیو سەروەریەکانی نەتەوەو نیشتیماندا سەرکردەو حزبو فەرمانڕەوا وێنا دەکەنو بە پیرۆزو سەروەر دەیانناسێنن، داوا لەخەڵك دەکەن کە هەرگیز گللەیی لەسیاسەتی دەستەڵاتداران نەکەنو لەکاتی روودانی هەڵەو کەموکوڕیش رەخنەیان لێنەگرن. مەبەستیانە بۆ هەموو کاروکردەوەکانی سەرکردەو حزبو فەرمانڕەوا، جەماوەر بڕژێنە سەرشەقامەکانو چەپڵەلێبدەنو شاییو ئاهەنگ بگێڕن. دەخوازن جەماوەر وەك لەیستۆکی بارهێنراون بە دەستو پەنجەی سەرکردەو حزبو دەستەڵاتدارانەوە بجوڵێنەوە. کاتێ دەستەڵات گۆشەیەکی بچووك لەئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات ئەوان وەك دەستکەوتو داهێنانێکی گەورە بە جەماوەری دەفرۆشنەوەو داوایان لێدەکەن کە سوپاسو ستایشی دەستەلات بکەن. ئەو قەڵەمانە لەهەر کاتو جێگەیەکدا بن لەلایەن رۆشنبیرانی راستینەوە نەفرەتیان لێدەکرێو بە دەربار و بە کرێگیراو دەناسرێن. بۆیە هەر لەبنچینەوە ئەو قەڵەمانە کەسانێکی تێکشکێندراون، دەستەڵاتیش لەسۆنگەی پەیبردن بە شکستی ئەوانەوە داڵدەیان دەداتو هاوکارییان دەکات، بۆ مانەوەی خۆی سوودیان لێوەردەگرێ. خاوەنی ئەو قەڵەمانە بە دوای پارووی چەور دەگەڕێن، لەکوێ باشترو گەرمتریان دەست دەکەوێ، روو لەوێ دەکەن، بۆیە لەسەنگەر گۆڕینو راکردن بۆ ئەملاو ئەولا سڵ ناکەنەوە. کاتێك (سەرکردە، حزب، فەرمانڕەوا) تێکدەشکێو هەرەس دێنێ، ئەو قەڵەمانە بەرژەوەندەکانی خۆیان تێك نادەنو بەرەو لای دەستەڵاتی تازە رادەکەنو لەسەر هەمان پەت یاریە کۆنەکە درێژە پێدەدەنەوەو شوێنی خۆیان وەردەگرنەوە. ئەو قەڵەمانە لەهەموو کاتو سەردەمێکدا دەمێننەوەو لەسێبەری دەستەڵاتەوە هەناسە دەدەنو ژیان دەکەن. ئەو قەڵەمانە لەمێژوودا وێنەیان زۆر بووەو بەرووڕەشو ناپاكو تاوانبار ناسێندراون. چونکە کاریگەری خراپیان لەسەر جەماوەری سادە داناوەو تەمەنی دەستەلاتیان درێژ کردۆتەوە.

قەڵەمی ترسنۆك: ئەو نووسەرانەن لەناخی خۆیانەوە هەڵگری بیروبۆچوونێکی جیاواز لەگەڵ دەستەلاتن، بەڵام بۆ ئەوەی دووچاری ئازارو راونان نەبنەوەو گیان نەکەوێتەوە مەترسییەوە، هێڵی سووری دەستەڵات نابەزێنن. لەلایەکەوە گللەیی لەکەموکوڕیەکان دەکەو باسیان لێوەدەکەن، لەلایەکی دیکەوە ستایشی مەزنی سەرکردەو سیاسەتەکانی دەکەن. هەندێك لەو قەڵەمانە ناخی سەرکردەکانیان خوێندۆتەوە. تەنیا رەخنە لەسەری هەرەمەکەوە ناگرن، دەنا تا ئەو شوێنەی بۆیان بکرێ ئەوانی ژێرەوە دادەپاچن. لەپەنای سەرکردەی مەزنەوە بە گژ گەندەڵیو خراپەکاریەکان دادەچنەوە. بەڵام ئەگەر لەلایەن خوارەوەی دەستەلاتیشەوە هەست بە نزیکبوونەوەی مەترسی بکەن، زۆر بە خێراییو بە سەدو هەشتا پلە بادەدەنەوەو ناڕاستەوخۆ رێچکەی قەڵەمە دەستەمۆکان هەڵدەگرنەوە. دەکرێ بڵێین ئەو قەڵەمانە دەیانەوێ لەنێوان دوو هاوکێشەی جیاوازدا کایە بکەن. نە ئەوەندە بەرەو باوەشی دەستەڵات دەڕۆن تا لەگەڵ قەڵەمە دەستەمۆکان پۆلێن بکرێن، نە ئەوەندە ئازایەتیش دەنوێنن تا لەگەڵ قەڵەمە یاخیەکان پۆلێن بکرێن.

هەڕەشەو مەترسیەکان حوکم لەسەر تیراسای هەنگاوەکانی ئەو قەڵەمانە دەکات. ئەگەر ببینن دەستەلات بواری ئازادی رەخساندووە، ئەوانیش تفەنگی نووسین لەگللەییو رەخنەدادەگرن. ئەگەر ببینن دەستەلات بەرەو بەرتەسك کردنەوەی ئازادیەکانی رۆژنامەگەریو بۆچوونەجیاوازەکان هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، ئەوانیش تفەنگی نووسین لەگوڵو ستایش دادەگرن. دەکرێ بڵێین ئەو قەڵەمانە بەردەوام لەشەڕێکی دەروونی دان. لەنێوان بۆچوونی خۆیانو مەترسیەکانی دەستەڵاتدا دێنو دەچن. هەمیشە لەنیگەرانیو دڵەڕاوکێدا دەژین. نە دەوڵەمەند دەبنو نە لەلێواری مەرگیش نزیك دەبنەوە. ئەو قەڵەمانە ئەگەر لەترسی هەڕەشەکانی لەناوچوون بەرەو باوەشی دەستەڵاتیش بڕۆن، وەك قەڵەمە دەستەمۆکان نابن، ئاوی ئابڕوو ناتکێننو پارێزگاری لەمرۆڤبوونی خۆیان دەکەنو ئامادەنابن بڕیاری لەنێوبردنی نەیارانی دەستەلات واژۆ بکەن. تا ئەو شوێنەی بۆشیان بلوێ تفەنگ بەرابردووی خۆیانەوە وەنانێنو شەرم لەمێژووی خۆیان ناکەن، بەڵکو شانازیشی پێوەدەکەن.

قەڵەمی یاخی (ئازا) : ئەو نووسەرانەن کە لەسۆنگەی بەرژەوەندەکانی باڵای گەلو نیشتیمانو مرۆڤایەتیەوە بەرگریو پارێزگاری لەجەماوەر دەکەنو لەدەستەلاتە خۆسەپێنەرو دیکتاتۆرو ملهوڕەکان یاخی دەبنو گیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە. ئەو قەڵەمانە هەست بە خەمەکانی کۆمەڵگە دەکەنو بەرژەوەندەکانی خۆیان لەژێرەوەی بەرژەوەندە باڵاکانی نیشتیمان دادەنێنو بۆ قوربانیدان ئامادەدەبن. ئەو قەڵەمانە زۆر ئازایانە گەندەڵیو خراپەکارییەکانی نێو دەستەڵات ئاشکرا دەکەنو جەماوەر لەمەترسیەکان وریا دەکەنەوەو رێگەی بە گژداچوونەوەیان پێشان دەدەن. ئەو قەڵەمانە سەرئێشەیەکی گەورە بۆ دەستەڵات دروست دەکەن، راشکاوانە لەدژی دەستەڵات رادەوەستنو ئامادەنابن سەرکردەو حزبو دەستەڵات بە پیرۆز و سەروەری نیشتیمان لێکبدەنەوە. ئەلگۆی ناو خزمەتکردنی مرۆڤو خاکە. مل بۆ دەستەڵات ناچەمێنیو دەیەوێ مەردانە بژیو بە گژ واقیعی تاڵی داسەپاودا بچێتەوە. خزمەتکردن بە چەوساوەکان بە ئەرکی لەپێشو هەنووکەیی خۆی دەزانێو بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرێتەوە. دەستەلات فێڵو نەخشەکانی خۆی بۆ دەستەمۆکردنی ئەو قەڵەمانە دەکار دەکات. سیاسەتی ترسو برس بە کاردەهێنێو، هەوڵدەدا بۆ لای خۆی رایانبکێشێ. ئەگەر سەرکەوتوو بوو بەڵای قەڵەمی یاخی لەکۆڵ دەبێتەوە، ئەگەر سەرکەوتووش نەبوو هەوڵی کەمکردنەوەی جەماوەرەکەی دەداتو هەڵمەتی ناو زڕاندنو لەکەدارکردنی کەسایەتی قەڵەمەکە دەستپێدەکات. ئەوانەی سەرسەختە بەرگری لەخۆیانو لەرێبازەکەیان دەکەنو درێژە بە یاخی بوون دەدەن، دووچاری هەڕەشەی مەرگ دەبنەوە. دەستەڵات بۆ زۆرێك لەو قەڵەمانە سزای مەرگ لەنێوبردن پەیڕەو دەکات. بەڵام کرۆکی مەسەلەکە لێرەدا چڕدەبێتەوە، هەندێ جار گوشارو تامێکرنەکانی دەستەلات قەڵەمێکی یاخی سارد دەکاتەوەو بەرەو لای خۆی رایدەکێشێ. ئەو قەڵەمە یاخییەی کە لەژێر گوشارەکانی دەستەڵات دەبەزێو دادەنیشێ، زۆر بە ئاسانی بەرەو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی هەڵپەدەکات وە لەباوەشی دەستەڵات جێگەدەگرێ. سەرەنجام قەڵەمێکی تێکشکاوی مەیلدار بۆ دەستەلات زیاد دەبێ. رۆڵی ئەو قەڵەمە تێکشکاوانە بۆ خزمەتکردن بە دەستەڵات زۆر لەرۆڵی قەڵەمە دەستەمۆکان کاریگەرترە. چونکە دەستەلات سوودی گەورەتر لەو قەڵەمەی کە جارانی یاخیو ئێستا تێکشکاوەو لەسێبەری دەستەڵات دانیشتووە. وەردەگرێو جەماوەری زیاتری پێ رادەکێشێو دەمکوتیان دەکات. بە داخەوە قەڵەمە تێکشکاوەکان نەك هەر خۆشخزمەتی بە دەستەلات دەکەن. بەڵکو نەفرەت لەرابردووی خۆیان دەکەنو حەزناکەن کەس باسی مێژووی رابردوویان بکات. بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان لەنێو دەستەڵاتدا بکەنەوە کێبڕکێ لەگەڵ قەڵەمە دەستەمۆکانی پێشووتر دەکەنو لەوان باشتر رادەکەن. لەپەنای سیناریۆی جۆراوجۆرەوە پیرۆزیو سەروەری درۆینە بۆ سەرکردەو حزبو دەستەڵات وێنا دەکەنو لەوانەی پێشتر تێی دەپەڕێنن.

azadmarf@hotmail.com